# کتێبی وتاره ڕەخنەییەکانی ڕۆلان بارت

زمان قسان دەکات نەك نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان بێتە گۆ، نەك من.

"مالارمێ"

## عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

وەك دەزانین بارت یەکێکە لە ڕەخنەگرە بە ناوبانگەکانی جیهان و شوێنگەو پەیڕەوانی لە دەرەوەی فەرەنساش بۆخۆی وەدەستهێناوە، هەموو ئەوانەش بۆ ئەو توانا و مەعریفیە زانستییە جۆراوجۆرانە دەگەڕێتەوە کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی دەروونی، فەلسەفە، سیمیۆلۆژیا، ئەنتۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا... بە دەستی هێناوە، بە مانایەکی دیکە بارت لە هەوڵی تەجاوزکردن و بونیادناندا بەیەکداچوونی زانستەکانی هێناوەتە ئاراوە.

لە ساڵی (1980) لەتەمەنی (64) ساڵیدا بە شێوەیەکی کت و پڕ و عەبەسیانە..ئەو کاتەی کە لەدەرەوەی (پەیمانگەی فەرەنسا) بە ڕێگادا دەڕۆیشت کەوتە بەر ئوتومبێلـ، بەمجۆرە فەرەنساو جیهان لەرۆشنبیرو ڕەخنەگرێکی گەورە بێ بەش بوون.

(ڕۆلان بارت) لە 1915/11/12 لە شاری (شیربۆرگ) جەستەی دەکەوێتە نێو جوگرافیای ماناوە، باوکی ئەفسەری هێزی دەریایی لە ساڵی 1916 لە یەکێك لە جەنگەکانی دەریادا لە (با–دو–کالی) دەکوژرێت و ماناکانی جەستەی بارت لە تەمەنی یانزە مانگیدا بەجێدەهێڵێت، لێرەدا جەستەو ماناکانی جەستە لە دڵنیایی خۆیاندا گیر دەخۆن، یان بە مانایەکی دیکە جەستە وەك دەقی مانا لە دوای مەرگی باوك هەوڵی بەرجەستەکردنی خۆی دەدات، کۆی ئەو هەوڵەش وەك ساڵژمێر دووبارە خۆی دەخوێنێتەوەو ئینجا بەرە بەرە ماناکانی جەستە لە (پاریس) و گەڕەکی (سان–جرمان–دی–بری) گەنجێتی بەسەر دەبات، هەر لەو تەمەنەدا ئارەزووی فێربوونی مۆسیقا دەکات و چەندان پارچە مۆسیقا دادەنێت، پاشان درێژە بە خوێندن دەدات تا (1939/6/10) بەر لەوەی لە فەلسەفە بەکالۆری وەرگرێت بە هۆی نەخۆشی سیلەوە دووچاری خوێن بەربوونی سییەکان دەبێت، لە بەر چارەسەرکردن لە خوێندن دوادەکەوێت، ساڵی (1940) دەگەڕێتەوە (پاریس) لەو ماوەیەدا لە شوێنی چارەسەرکردن هەر یەك لە (پرۆست، جید، ڤالیری) هەموو ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ساڵانی بیست و سی دەخوێنێتەوە، بەڵام خۆی لە سوریالییەت و فەلسەفە و ڕەخنەو مارکسییەت نادات، لە ساڵی (1941) دووبارە نەخۆشییەکەی سەرهەڵدەداتەوەو بۆ چارەسەرکردن ڕوو دەکاتە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە قوتابیان لە (سان–هیلر) پاشان دووبارە بۆ ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە (پاریس) لە ساڵی (1943) سێ بارە نەخۆشییەکەی سەرهەڵدەداتەوە، ئەوجارەیان لە (لێزان)ی سویسرا تاکو ساڵی (1946) دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا زۆر دەخوێنێتەوە، ئینجا لە بەشی ئەدەب پلەی دبلۆم لە لێکۆڵینەوەی باڵا بە دەست دەهێنێت، هەر لە ماوەی ئەو سێ ساڵەشدا چەندان وتار دەنووسێت بە تایبەتی گرنگی بە (نامۆی–کامۆ) دەدات هەروەها بە هۆی ئەو ڕۆمانەوە بیرۆکەی کتێبی (پلەی سفری نووسین)ی لەلا گەڵاڵە دەبێت، لە هەمان کاتیشدا (سارتەر) بە چڕی دەخوێنێتەوە، لە ساڵی (1947) دەبێتە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە شاری (بوخارست، ئەسکەندەریە) پاشان لە ساڵی (1949) دەبێتە بەرێوەبەری توێژینەوە لە خوێندنگای باڵا، ساڵی (1953) تێزێکی پوخت بەناونیشانی (پلەی سفری نووسین) بە چاپ دەگەیەنێت، لەو کتێبەدا بارت بە هیوای ئەوە بوو نووسینێکی بێ گوناح بخولقێنێت، نووسینێکی بێبەری هەروەها تا ڕادەیەك وێنەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی کێشا، ساڵی (1954) بە هۆی هاوڕێیەکی بە ناوی (جۆزیف بارۆزی) سەوداسەری (میشلێ) دەبێت و کتێبێك بە ناوی (میشلێ بە قەڵەمی خۆی) دەنووسێت، لەو کتێبەدا شیکردنەوەی دەروونی بۆ کارەکانی (میشلێ) بە ئەنجام دەگەیەنێت، وەك چۆن بایەخێکی بێ وێنە بە شانۆ دەدات و چەندا وتار لەو بوارەدا بلاّو دەکاتەوە، ساڵی (1957) کتێبی (ئەفسانەناسی) دەنووسێت، ساڵی (1963) دەربارەی (ڕاسین) و ساڵی (1964) ڕەگەزەکانی سیمیۆلۆژیا هەروەها کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (وتاری ڕەخنەییەکان) بلاّو دەکاتەوە، لەو کتێبەدا وتارێکی هەستەکی دەربارەی شانۆی (برێشت) دەنووسێت بۆخۆیشی یەکێك بوو لە پشتیوانانی (برێشت)، کتێبی ناوبراولە هەشت وتار پێکهاتووە، هەر هەمووشیان پەرسیفن بۆ هەندێك لە بۆنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەوسای ناوەندی ئەدەبی، تەنها وتارێك نەبێت کە بە شێوەیەکی ڕوون مۆرکی بارتی پێوە دیارە.[1]

وەك دەزانین (بارت) نەك هەر تەنها لە بەرامبەر پۆلینکردنە تەقلیدییەکان راوەستاوە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی هەمەڕەنگکردن و بەرفرەوانکردنی بوارەکانی رەخنەدا قسەی خۆی هەبووە،هەوڵیداوە زیاد لە میتۆدێك بۆ خوێندنەوە بخاتەوە، بە دیوەکەی دیکەش هێنانەناوەوەی چەمکی (مەرگی نووسەر) یەکێك بوو لە کۆی ئەو چەمکانەی کە ناوەندی رۆشنبیریی دووچاری سەرسوڕمان کرد، هەر لە رێگەی ئەو چەمکەشەوە کۆی پەیوەندییەکانی دەق و دانەر، پاشان دەق و ژینگەو مێژوو هەروەها فاکتەرە پێکهێنەرو کاریگەرەکانی داهێنانی لەیەك ترازاند، بەو مانایەش لای بارت دەق خۆی لە بۆشاییدا هەڵدەگرێتەوە، وەك ئەوەی لە پێش و پاشی دەق هیچ نەبێت، هەموو ئەوانەش لەوێوە دێت کە دەق لە پیرۆزی رووت بکرێتەوە، کەواتە نووسەر دەشێ لەوێوە مەرگی میتۆدگەلێك کە تووندرەوانە رێسای نموونەیی بۆخۆی فەراهەم دەکات و جۆرێك لە جێگیربوون دەسەلێنێت بخاتە ژێر پرسی تێکشکان و کەوتنەوە.

بارت وەك پێشەنگی بونیادگەری بڕوای بە جۆرێك لە زانستی ئەدەبی هەبوو، هەرچەندە ئەو جۆرە لە زانست بە پێی راگەیاندنی قسە لە زانستی شێوەکان دەکات نەك زانستی ناوەرۆك، بەمجۆرە ئەو جۆرە رەخنە زانستیە زانستی بوونی خۆی لە زمانەوە بەدەست دەهێنێت، لە لایەکی دیکە لای بارت زمان دووانە، یەکێکیان رووەکییە و مانای رووەکی دەدات بە دەست و مەبەستی لە گەیاندن خودی گەیاندنە، ئەویدیکە زمانی ناوەوەیەو نادیارەو هەمیشە بە دوای کۆنترۆلکردنی دەقی دووەمدا دەگەڕێت، بەو مانایەش مرۆڤ بوونەوەرێکی زمانەوانییە، هەروەها زمان هەر تەنها وەسیلە نییە بۆ پێکگەیشتن، بەڵکو گوزارشتکردنە لە چالاکی بەرفرەوانی هۆش هەر لەوێشەوە زمان تەجاوزی خودی مرۆڤ دەکات. وەك دەزانین لە دیدیو بۆچوونی بونیادگەرەکانەوە رەخنە شێوەیەکە لە میتا زمان، ئەو جۆرە زمانەش زمانێکە لە بارەی زمانێکی دیکەوە کە لە سەرووی بابەتەکەوە بۆ مەودایەك دەڕوانێت تا لەو مەودایە بە پاکی و بێبەری بوونەوە بڕوانێتە خوارەوەی خۆی و بیخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

بەشێوەیەکی گشتی کتێبی (وتارە رەخنەییەکان) وای بۆ دەچێت کە دەق بە پەرۆشەوە لە رێگەی زمانەکەیەوە خۆی دادەپۆشێت، بەڵام لە (رەخنەو راستی-1966) زمانی رەخنە بریتییە لە زمانی دووەم کە لە سەرووی زمانی یەکەمەوە، بە مانایەکی دیکە لای بارت زمان زمانێکی بێ بناغەیەو شتێکە تەواو شاراوەو نادیارە بەردەوام مانای بەتاڵ بەدوای خۆیدا کێش دەکات، هەر بەو مانایەش هەڵخەڵەتێنەرین دەق بۆ رەخنەگر ئەودەقانەن کە دەنووسرێنەوە نەك دەخوێنرێنەوە، ئەوە دەقی نووسینەوەیە کە رەخنەگر هاندەدات دەق هەڵبکۆڵێت و بۆ زمانەوانی جۆراوجۆری بگۆڕێت، بەمجۆرە خوێنەر یان رەخنەگر لە کەسێکی مشەخۆرەوە بەرەو کەسێکی بەرهەمهێن دەچێت، لێرەوە بارت دەیەوێت پێمان بڵێت فەزای دەق فەزایەکی ئازادەوە دەشێ هەر خوێنەرێك بە جۆرێك قسەی لێبکات، چونکە دەقی نووسراو نە خاوەن مانایەکی دیاریکراوەو نە هەڵگری مەدلولێکی جێگیرە بەڵکو ئەو جۆرە دەقانە فرە لایەن و بەربڵاون، هەر لەوێشەوە ئەساڵەتی ئەدەبی بوونی بەچێژەوە بەندە ئەگینا هیچ بوونێکی نییە، هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بریتین لە دەقئاوێزانی، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە لەو بەرهەمانە بڵاو دەبنەوە کە لە دەوروبەر کۆ دەبنەوەو دەیان دیاردەی جۆراوجۆر دەخولقێنن و ئینجا پەیتا پەیتا بچووك دەبنەوە تا ون دەبن.

بەڵام (کانت) جیاوازی دەخاتە نێو زەوق و کاری هونەرییەوەو پێیوایە زەوق مەسەلەیەکی تایبەتە، هەرکەسێ ئازادە چی پێ خۆش بێت. بەڵام هونەر دەبێ بە چەند پێوەرێکی جیهانی دیاریکراو بەردەوام تەماشا بکرێت، بۆ کانت هونەر گەلێك لە زانست باڵاترە چونکە زانا لە سروشتەوە رێگای زانست دەدۆزێتەوە بەڵام هونەرمەند لە بلیمەتي خۆیەوە شتی نوێ دەدۆزێتەوە[2]. ئەگەرچی بەشی دووەمی قسەکانی (کانت) لەگەڵ بارت دێتەوە، بەڵام لە بەشی یەکەم بارت ئەو جیاوازییەی قبوڵ نییە.

وەك گوتمان کتێبی (وتارە رەخنەییەکان) لە هەشت وتار پێکهاتووە بە پێی رێکەوتی نووسینیان لە (1961-1971) رێز کراون، وتاری یەکەم بابەتە گشتییەکانی (لارۆشۆف)دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردن، وتاری دووەم تایبەتە بە وێنەگرتنی روونکارییانەی (دائرەتی مەعاریفی فەلسەفی)و هەر لەوێشەوە دیدو بۆچوونە جوانەکانی بارت و هەست و چێژی هونەری ئەومان بۆ ئاشکرا دەبێت، بەڵام وتاری سێیەم بە ناوی لە کوێوە دەست پێبکەین؟ کە تاکە وتاری نێو ئەو کتێبەیە بێ بەرسیفدانەوە نووسرابێت، لەو وتارەدا بارت قسە لە پرنسیبی هەستەگی خوێندنەوە دەکات، پرنسیبێك کە نەك هەر قسە لێکراوەکانی دەق دەخاتە روو، بەڵکو کۆی وسبەلێکراوەکانیش کەشف دەکات، بە مانایەکی دیکە پەی بە هەموو شتێك دەبات و ئامانجی ئەوەیە کە روونکردنەوەیەکی شیکارانەی بونیادی ئەدەبی لە دەق هەڵگرێتەوە، سەرەڕای ئەوە لەو وتارەدا قسە لە رۆمان دەکات و سیستەمی کارکردن بۆ دەستەواژەی مەعریفی ورد دەکاتەوە، هەر لەوێشەوە بارت و بونیادگەری بەیەك دەگەن.

بەڵام لە وتارێکی دیکەدا قسە لە (شاتۆبریان) دەکات و پێکهاتەیەکی دیکە لە پێکهاتەکانی ئەدەبی ئەو رادەگەیەنێت، بەمجۆرە بە هۆی ئەو پێکهاتەیەوە کە بارت بە پێکهاتەیەکی نامەعریفی و نائامازەیی وەسفی دەکات ئێمە ناتوانین ئەدەب لە تاکە سیستمێکدا کورت بکەینەوە، وەك

**چۆن خوێندنەوەو رەخنەش هەرگیز ناشێ دوا شیکردنەوەو دوا دەرئەنجام لە دەق وەدەست بهێنن، بە مانایەکی دیکە دەق لە رێگەی خوێندنەوەو رەخنە سنوورەکانی دیاری ناکرێت، بەڵکو سنوورەکانی بەرفرەوانتر و ئازادتر دەبێت.**

**هەڵبەتە یەکێك لە گرفتەکانی ئەو کتێبە ئەوەیە کە رستەکانی بارت بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاڵۆزو تەماوی دەکەونەوە[3]، کۆی ئەو ئاڵۆزییە لە لایەك بۆ ئەو خستنەسەرو کەشفکردنانە دەگەڕێتەوە کە ناوەندی رۆشنبیریی بەر لە بارت بەخۆیەوە نەیبینیووە، هەر لەوێوەش ئەو ناباوەی بارت ماوەیەك لە بێدەنگی دەخاتە نێو فەزا تەقلیدییەکەو، وەك دەزانین ئەو ماوەیە پێویستی سەرچاوەی جیاوازو شەونخوونی خوێندنەوەو دیدو تێڕوانینی سەردەمانەی جیاوازەوە هەیە، پێویستی بە وەستانی جیدی هەیە، بۆیە راستەوخۆ لەگەڵ ناوەندی ئەدەبی تەقلیدی و خوێنەری تەقلیدی نائاشنا دەکەوێـتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو جۆرێك لە گرژی و ماندووبوون دەخاتە نێو پانتاییەکانەوە، چونکە ناوەندی ئەدەبی و خوێنەری تەقلیـدی لەگەڵ فەزا کۆنەکە راهاتوون و ئاوا بەئاسانی دەستبەرداری نابن، هەر بەو مانایەش تێکشکاندنی باو ماوەیەك لە بێدەنگی لەگەڵ خۆی دێنێتە ناوەوە.**

**سەرچاوەو پەراوێز:**

[1] –عەبدوڵلاّ، عەبدولوتەلیب، ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی، لێکۆڵنەوەو رەخنە، چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، 1999، جوگراقیای دەق، پێنووسی بارت، ل122.

[2] –د.ساڵح، سەباح، مۆدێنیزم یان هونەر لە ژێر چاودێری هونەرەوە، هەولێر 2007 چاپکراوەکانی بەریوەبەرایەتی رۆشنبیریی رامان(12) چاپخانەی ئاراس،چ 1، ل32.

[3] –لە ژمارەی داهاتوودا ئەو ئاڵۆزی و هەڵە فیکری و زمانەوانییەتان دەخەمە بەرچاو کە لە بەراوردکردنی چێژی دەق لە وەرگێرانی ئیسماعیل زارعی لە فارسییەوە بۆ کوردی، بلاّوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، چ 1، 2007 هەولێر و چێژی دەق لە وەرگێرانی د.**منذر عياشي**، لە فەرەنسییەوە، چاپی (مرکز الانماء الحچاري، چ2، ،2002 وەدەستم هێناوە.